Sadigh Babaee

# Die kurdischen Volksmärchen von Oskar Mann überliefert

*Im Volk überlieferte Erzählungen über Kurdistan (Iran)*
*frei übersetz in die deutsche Sprache*
*und in die kurdischen Sprachen (Dialekte)* Goranî und Sorani

**سدێق بابایی**

ئەوچیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردیانە ئۆسکارمان لە زاری خەڵکەوە بەزمانی گۆرانی (هۆرامی) تۆمار
ونووسەر
لە گەڵ وەرگێڕدراوە ئاڵمانیەکەی کوردی سۆرانیشی لێ زیاد کردوە

*Engelsdorfer Verlag*
*Leipzig*

رلاگڤێ رەرفۆسدڵنگەئ
گیپزیلا

*2022*

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

Bibliografische Information durch die Deutsche Nationalbibliothek: Die Deutsche Nationalbibliothek verzeichnet diese Publikation in der Deutschen Nationalbibliografie; detaillierte bibliografische Daten sind im Internet über https://dnb.de abrufbar.

ISBN 978-3-96940-377-8

Copyright (2022) Engelsdorfer Verlag Leipzig
Alle Rechte beim Autor
Rahmen Cover designed by Freepik
Hergestellt in Leipzig, Germany (EU)
Gedruckt auf FSC®-zertifiziertem Papier

www.engelsdorfer-verlag.de

12,00 Euro (DE)
Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

# Inhalt

1. Die Türkische Karawane........ 14
2. Die Vögel und das Netz........ 18
3. Ein Mann aus Kulliai........ 21
4. Zwei Schwimmer........ 23
5. Khabis........ 25
6. Der Gärtner am Berg........ 27
7. Die Zimmerleute........ 35
8. Der Menschen fressende Wolf........ 39
9. Der Menschen fressende Wolf (2)........ 43
10. Der Fuchs........ 52
11. Soldaten von Kändulä nach Khorasan........ 57
12. Der Molla Rostam........ 61
13. Der Jäger........ 65
14. Eine Bärin........ 69
15. Zwei Jäger........ 72
16. Ein Jahr mit bestem Wetter........ 76
17. Der Wechsel des Schahs........ 78
18. Der Drache........ 82
19. Teuerung........ 86
20. Die Alte und ihre dritte Schwiegertochter........ 99
21. Der taube Fischer........ 111
22. Der schwarzer Diener im Schnittwarenladen........ 115
23. Ein Taschendieb in Isfahan........ 119
24. Diebstahl Haus des Königs........ 121
Nachwort: Avroman oder Hawraman........ 125

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

**Die kurdischen Sprachen** (Eigenbezeichnung کوردی kurdî) gehören zur nordwestlichen Gruppe des iranischen Zweigs der indogermanischen Sprachen. Sie werden hauptsächlich in der östlichen Türkei, im nördlichen Syrien, im Norden des Irak und Nordwesten und Westen des Irans gesprochen. Durch Migrationen in den letzten Jahrzehnten gibt es auch zahlreiche Sprecher kurdischer Sprachen in Westeuropa, vor allem in Deutschland. Es gibt drei kurdische Sprachen oder Hauptdialektgruppen: Kurmandschi (Nordkurdisch), Sorani (Zentralkurdisch) und Südkurdisch.
Einige Forscher zählen Gorani und Zazaki nicht zu den kurdischen Sprachen, sie werden von ihnen als eigenständige Untergruppen des Nordwestiranischen betrachtet (siehe auch Zaza-Gorani).[1]

[1] nach Wikipedia

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

Im Volk überlieferte Erzählung über Kurdistan, Iran, von Oskar Mann.

Erste Bearbeitung durch **Karl Hadank**.

Übertragung in die kurdische Sprache Gorani [(kurdisch: گۆرانی, Goranî) auch bekannt durch seinen Hauptdialekt Hawrami (هەورامی, Hewramî) ist eine nordwestiranische Sprache, die von ethnischen Kurden gesprochen wird] und in Sorani [wird vor allem von Kurden aus dem Irak (ca. 7 Millionen[2]) und dem Iran gesprochen. Sie gilt als die verbreitetste Form des Kurdischen im Irak]: **Sadigh Babaee** [Deutschland, 2020]


ئۆسکارمان ؛ پاچاڵ (ڕازی ) بە هۆرامی
ئۆسکارمان و حەقایەتەکۆنە کوردیەکان بە سۆرانی
تۆمار و کۆکردنەوە ئۆسکارمان نێوان سالە کانی ۱۹۰۱ تا ۱۹۰۷ ی زاینی کەنووڵە
زمانی سەرچاوە، هۆرامی [ کەنووڵە ناوچەی کرماشان.]
دووبارە نووسینەوە بە ڕێنووسی نوێیۆ وئامادە کردن بۆ چاپ بە زمانەکانی ئاڵمانی، کوردی هۆرامی و کوردی سۆرانی، سدێق بابایی.
ISBN 978-3-96940-377-8 ژمارەی تایبەتی چاپ
وێنەی سەر بەرگ؛مێعماری کۆنی بیناسازی لە هۆرامان
وێنەی پشت بەرگ ، هەڵکەوتی گوندێکی هۆرامان
نرخ؛ 12یۆرۆ
چاپەمەنی ئەنگڵسدۆرفەر ڤێرلاگ لاپیزیک ـ ئاڵمان
چاپی یەکەم لاپیزیک ۲۰۲۲


مافی لە چاپ دانەوە بۆ نووسەر پارێزراوە.


[2] Einwohner-Organisation im kurdischen Autonomiegebiet im IRAQ.2020

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

# Biografien

## Oskar Mann (*1867 †1917)

Oskar Mann besuchte das Friedrich-Wilhelm-Gymnasium in Berlin, in dem er 1886 die Reifeprüfung ablegte. Danach studierte er Sanskrit, Arabisch, Aramäisch und Vergleichende Sprachwissenschaft in Berlin und Heidelberg. Er beschäftigte sich am Seminar für Orientalische Sprachen mit Hindustani Kurdisch und der Persischen Sprache. 1890 wurde er an der Universität Straßburg zum Dr. phil. promoviert. Anschließend arbeitete Oskar Mann bis zu seinem frühen Tod 1917 als Bibliothekar an der Königlichen Bibliothek Berlin. Diese Tätigkeit wurde von seinen Reisen nach Persien und in die asiatische Türkei zur Erforschung iranischer Sprachen unterbrochen sowie einer Zeit, in der er für deren Auswertung beurlaubt wurde. Von 1901 bis 1903 durchquerte Mann Persien von Bushehr im Nordwesten aus. Er fotografierte und formte die Pahlavi-Inschriften in Hajiabad und die elamischen Reliefs in Malamir. Er studierte und dokumentierte die archäologischen Denkmäler des Gebiets Kermānšāh-Bīsotūn-Harsīn und von Qal'a-ye Yazdegerd sowie Orte rund um den Urmia-See. Von Nord Kurdistan wurde ihm 1904 der Titel Professor verliehen. Unter anderen erschienen die Schriften „Die Mundart der Mukri-Kurden“ (1900), Kurdisch-persische Forschungen. (1909), der Beitrag „Über meine Reise im Ost Kurdistan“ (1910) im Jahresbericht Geographie und Statistik, Frankfurt am Main 1910.

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

## Karl Hadank (*1882 †1945)

1919 begann Karl Hadank, den umfangreichen Nachlass von Oskar Mann zu bearbeiten und Teile davon in der Kurdischen Sprache herauszugeben. Allerdings konnte er dieses Vorhaben nicht abschließen. Die eng miteinander verzahnten Nachlässe von Hadank und Mann befinden sich in der Staatsbibliothek zu Berlin und im Archiv der Berlin-Brandenburgischen Akademie der Wissenschaften. Hadank hat 1930 die unten genannten Bücher über die kurdische Sprache und deren Dialekte aus Oskar Manns Nachlass aufgearbeitet und neu herausgegeben:

1. Die Mundarten der Guran, besonders das Kandulai, Auramani und Badschalani
2. Mundarten der Zaza, Hauptsächlich aus Siwerek und Kor
3. Die Mundarten von Khunsar, Mahalat, Nataänz , Säwand, Sivänd und So-Kohräud.

Nach Karl Hadanks Bearbeitung von „Mojtaba Kolivand“ wurden große Teile der kurdischen und persischen Reiseberichte aus Oskar Manns Nachlass im Jahr 2014 herausgegeben.

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

## Oskar Mann

**ئۆسکار مان[١٨٦٧ ـ ١٩١٧]دوەتۆ کوردسانی نەژناسیای ١٩٠١ تا ١٩٠٧**

**ژیوای:**

ئۆسکارمان مەدرەسەو (فریدریش ویلهلم ) جە برلین و چاگە ١٨٨٦تاقیکاریش تەمامنۆ. چاو دما گنۆ شۆنەو فێر بیەی زوانەکا: سانسکریت، عەرەبی،ئەرمەنی،و تاوتوو کەردەی زانستوو زوانا جە برلین و هایدلبێرگ.ئاد وێش سەرقاڵوو سمینارو زوانە کا ئۆرینتی پێسە؛ هیندووستانی،کوردی و فارسی کەرۆ .

١٨٩٠ زانکۆ ستراسبوورگی دۆکتۆرا Phil هۆرگێرۆ.

جە درێژەو هەرمانەکاشنەتا وەختوو مەردەیش ١٩١٧ کتێوخانەی پادشایی برلین هەرمانە بەرۆ. ئی هەرمانێ کاتوو سەفەری پەی ئێرانی، ئاسیاـ تورکیە بۆنەو پەیجۆری زوانە ئێرانیەکا، کاتی مازۆ جیا.

١٩٠١ تا ١٩٠٣ جە بووشهر تا باکوورو وەرنیشتوو ئێرانی( کوردسان) گێلۆ.وێنە گرتەی شێوازە کا زوانی پاڵەوی، نویسەی تا حاجی ئاوا، ئیلام و ماڵمیر . پەیجۆری و بەڵگەیی کەردەی وکۆکەردەوەی جە مەحاڵوو کرماشان ، بێستوون ، هەرسین، قەڵاو یەزەجرتێ(یەزدگرد)و یاگە کا ورمێ تاباکوورو کوردسانی.

١٩٠٤ بەڵگە یا تیترو پڕفۆسۆری بە دەست مارۆ.

**نویسیاکێش:**

گۆ کەردەی مۆکری ـ کوردان ١٩٠٠

پەیجۆری سەروو کوردی و فارسی ١٩٠٩.

سەبارەت بە سەفەرەکەیم پەی وەرکەوتوو کوردسانی (٢٠ ژانویە ی ١٩١٠زاینی .چوارشەمە). ڕاپۆرتی ساڵانەپەی یاگەوانی (جۆغرافیا) و ئاماری، فرانکفۆرت ـ ماین ، ١٩١٠،S.٢٣ ، ـ ٢٤ .


Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

## Karl Hadank

۱۹۱۹ کارل هادانک، دەس کەرۆ بە هەرمانە سەروو نویسیا جیا مەنە فرەکا ئۆسکار مانی ـ بەشەکا زوانی کوردی وزۆ وەر دەسو وانەراش. ئانێ کە وێش نەتاوابیەنش، تەمامنۆ شا.

هەرمانەی چڕوو پەڕە سەروو جیا مەنەکا ئۆسکار مانی [ئانە کارل هادانکی تەمامنان] ئینا کتێوخانەی دەوڵەتی وئارشیوو جە برلین ـ براندنبورگ ئاکادمی زانستی.

هادانک ساڵەو ۱۹۳۰کتێوە نام بریاکا واری، چیروو سەردێڕوزمانە کوردیەکا (دیالکتەکا) جیامەنە جەئۆسکاری ماف پەی هەرمان سەر کەردەی و بە جاپ یاونایشا بە دەس مارۆ.

۱ ـ گۆ کەردەی گۆرانەکا، بە تایوەت : کەنووڵە، هۆرامانی، و باجەڵانی.

۲ ـ گۆ کەردەی زازا، مەحاڵوو سێوەرەک کۆر.

۳ ـ گۆ کەردەی ،خوانسار، مەحەلات،سەیوەندکۆهرود.

۲۰۱٤ مجتبی کەولیوەند خەڵکوو کرماشانی، بەشێ فرەو هەرمانەکا ئۆسکار وهادانک ـ ی[سەفەر نامە کوردی و فارسیەکا ] بە زمانی ئاڵمانی جە ئاڵمان بە چاپ یاونۆ.

دماتەر سدیق بابایی [نویسەر] ساڵەو ۲۰۱۹ بەشێ جە هەرمانەکێ هادانک سەروو کەنووڵەی چەنی کۆمەڵە شێعری دەس نووس کریای جە شاعێرا کەنووڵەی یانەو ئارشیوی ـ برلین مەنە جیا جە ئۆسکارمانی دەسش گنا . ئینێ و کۆمەڵێ ویەردەو کەنووڵەی بە ڕێنووسی تازەی هۆرامی جە ئاڵمان چاپەمەنی گۆتە حافز چوار چۆ کتێوێ با نامێ ((کەنووڵە Kanule)) وزۆ وەردەسوو وازیارا.

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

## ئی بەرهەمە

ئی نویسیا وەر دەسیتا وەختو وێش ساڵەکا ١٣٠٠ی وەرە تاوی [ڕۆجیاری] زانای ئاڵمانی ئۆسکارمان سەفەرەکا وێشەنە پەی وڵاتوو ئێمە کوردسان جە سینەو خەڵکینە تۆمارش کەردێنێ. ئاد ئاوەزو هۆشش کیشیۆ پەی لاوزێد و گۆران[هۆرامی] زوانەکا. چاگە بە ساڵان مەنۆوە . چەنی خەڵکە کەی وێش تێکەڵ کەرۆ. لاپاڵوو فێربیەی زوانەکەیشا سرنج وزۆ سەرو کۆنج وبناوانوو ژیوای ئی خەڵکیە. ئانە دە سش گنۆهەر جە هۆنێ هۆنەرا تا کتێوی ئایینی، تا ڕازێ خەڵکی دە ماودەم گێڵناشاوە، گردی جەم کەرۆ و چەنی وێش مارۆشا پەی ئاڵمانی. ئانەیە مشۆ ئی زانا ئاڵمانە ویرش کێشیابۆ پەی لاو مێتۆلۆژی تایوەت دەوڵەمەندو خەڵکوو دەڤەرەکەی. ئینە وێش زەوق و شەوقی تایوەتش پەنە بەخشۆ تا بە سەبرو مەیلی فرەتەرۆ بە پەیجۆری حەول بدۆ ویەردەو خەڵکەکەی کنو کۆ کەرۆ. ویەردێوە کە فرەو تایوەتیەکا پێسەجۆروو ژیوای دوە تۆ ئاکاروو خەڵکی،سەردەمە وەڵێنەکانە پەی وانەراش بەر وزۆ.

خۆ ڕەنگا ئی زاتە بەشێ جە پەیجۆریەکاش گێڵۆوە پەی دەگمەنی لێ ئاخنی دەوڵەمەن و لیپاو لیپ بە جۆری ژیوای دانسقە جە هۆرامان بە تایوەت و کوردسان بە سەر جەمی.

دماتەر ژیوای دەرەتانی چامنە پەی ئۆسکارمانی نمازۆ یا ڕێک مەگنۆ وێش هەرمانە سەروو یۆ یۆ بابەتەکاوە کەرۆ، بەڵام دۆسی هام ویرش [کارڵ هادانک] بەرهەم و دەس ڕەنجوو زەحمەتەکا [ئۆسکارمان ی ]، ئانە کە من زانابۆم دوە تۆ یەرێ کتێبێ بە نامەکا :

١/ دیالکتی گۆرانی بە تایوەت ؛ کەنوولەیی،هۆرامانی،و باجەڵانی

٢/ دیالکتی زازایی، تایوەت، سیوەرک،کور

٣/ دیالکتی خوانسار،مەحەلات،نەتەنز،سەیوەند،کووهرود

تەمامنۆ .

ئینە کە ئینا وەردەستانە هۆرچنیاو چن حەکایەتێن جە کتێوو [کەنوولە ، ئاڤرۆمان، باجەڵان] ،ڕێک وستەی نویسیاکا ئۆسکارمان ـین. ئەشۆ ئیشارەتوو ئانەی بدەو کە هادانک هەرپێسە هام ویرەکەیش [ئۆسکار] وێش فێرو زوانی هۆرامی کەردەن و ڕێنووسش بە لاتین پەی ڕێک وستەن.

حەولدای ئێمە پەی تەمامنای ئی بەشە جە هەرمانە کێ ئاڵمانەکا ئانە بێ کە حەزمان کەرد شمەی ئازیز بێ بەش جە وانای ئی بەرهەمە دانسقا نەبیدێ. خۆ ئانە یاگێ تایوەتەو وێش گێرۆ ئەر وانەرێ ئازیزێ وازیارێ با ، پەی فێر بیەی زوانی ئاڵمانی کەڵکش چۆ هۆر گێرا. ئینەوێش جیان جە تام ولەزەتینی لێ ئاخنو ڕاز یا کۆلیایی واتەنی پاچاڵەکان[حەکایەت].ئەشۆ ئانە زیاد کرێۆ کە؛ نویسەروو ئی بابەتیە[ سدیق بابایی] ساڵەو ٢٠١٩ی زایینی دماو دەسکۆتەی چن دەس نویسا[ جە ئارشیوو شاروو برلینی] جە شاعێرەکا کەنوولە کە ئۆسکارمانی ئاردەبێنێ و هەرمانەشا سەر نەکریایێ چەنی هەرمانێ زیاتەر سەروو ویەردەو کەنوولەی دوە تۆ کتێبینە بە نامێ(کەنوولە) فرەتەر بە پارێزنای دەقوو ڕێنووسە کەنوولەییەکەیشا چی وڵاتە بە چاپ خانەی سپاریا و کەوت لێ بازاری. ئی جارە پەنەواز زانیا دەقوو حەکایەتەکا جیاواز بە ئاڵمانی و سۆرانی لاپاڵوو هۆرامیکەینە وڵا کریاوە. دیسان حەول دریان تاموو چێژی کەنوولەیی ئی حەکایەتا ئینای وەروو دەسیتانە جە شێوازی وەڵینوو وێشا { کەنوولەیەکەیشا] فرە دوور نەگنۆڤە.

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

# بەشی سۆرانی

**ئۆسکار مان**[ ١٩١٧ - ١٨٦٧ ]لە دووتوێ کوردستانی نەناسراو ١٩٠١ تا ١٩٠٧

**ژیان**

ئۆسکار مان قوتابی مەدرەسەی (فریدریش ویلهێلم) لە برلین ، هەر لەوێ ساڵی ١٨٨٦ تاقی کاری پێگەیشتن بە دەست دێنێت.

پاش ئەوە سەرقاڵی زمانە کانی : سانسکریت ،عەرەبی، ئەرمەنی وپەیجۆری فێربوونی زانستی زمانەکان لە برلین و هایدلبێرگ دەبێت. ئەو خۆی سەرقاڵی زمانەکانی ئۆرینت وەک: هێندوستانی، کوردی وفارسی دەکات. ساڵی ١٨٩٠لە زانکۆی ستراسبوورگ دۆکتۆرا PHIL وەردەگرێت. لە درێژەی تێکۆشانیدا تا کاتی ماڵ ئاوایی ١٩١٧ وەک کتێبدار لە کتێبخانەی پاشایەتی برلین کار دەکات.

کاتی سەفەر بۆ ئێران ، ئاسیا ،تورکیەبە بۆنەی پەیجۆرکاری لە سەرزوانە ئێرانیەکان بە شێوەی کاتی دەس لە کاری کتێبداری هەڵدەگرێت.

١٩٠١ تا ١٩٠٣لە شاری (بوشهر) تا باکووری وخۆرئاوای ئێران (کوردستان)سەردان دەکات. بە نموونە هەڵگرتن لە شێوازەکانی زمانی پاڵەوی نووسین تا حاجی ئاوا ، ئیلام و مالمیر لێکۆڵینەوە و بە بەڵگەیی کردن و کۆکردنەوەی ئەوتۆ لە مەحاڵی کرماشان، بێستوون، هەرسین [قەڵای یەزد گرد و ناوچەکانی ورمێ، باکووری ڕۆژهەڵات.

١٩٠٤ دەبێتە خاوەنی تیتری دۆکتۆرا و پرۆفسۆری.

نووسینەکانی؛کۆکردنەوەی مۆکری (کوردان) ١٩٠٠

لێکۆڵینەوە لە سەر کوردی و فارسی ١٩٠٩

سەربارەت بە سەفەرەکەم بۆ کوردستان [٢٠ی ژانویە ١٩١٠ چوارشەمە] ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ جۆغرافیا و ئاماری - فرانکفۆرت ـ ماین٢٤٠ ,s ١٩١٠،٢٣٠

## کارل هادانک

١٩١٩ کارل هادانک ، دەس بە کار دەبێت بۆ نووسین لە سەر بە جێ ماوەکانی ئۆسکارمان. و بە شە پێوەندی دارەکان بە زمانی کوردی،ئەوانە ئۆسکار خۆی بۆی جێ بە جێ نەکرابوو دەخانە بەر دەستی هۆگران. کاری چڕوپڕی هادانک لە سەر بەجێ ماوەکانی ئۆسکار لە کتێبخانەی دەوڵەتی و ئارشیوی برلین ، براندن بورگ ئاکادمی زانستی پارێزراون.

هادانک ساڵی ١٣٣٠ ماڤی کار لە سەر کردن کتێبە ناوهاتوەکانی بنەوە و بە چاپ گەیاندنیان بە ئاڵمانی وکوردی لاتین لە ژێر سەر دێڕی زمانە کوردیەکان (دیالکتەکان) بە دەست دێنێت کە ئەمانەن:

١ ـ گۆ کردنی [دیالکت]گۆرانەکان بە تایبەت: کەنوولە ، هۆرامانی و باجەڵانی

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

٢ ـ گۆ کردنی[دیالکت] زازا، مەحاڵی سێوەڕەک و کور
٣ گۆ کردنی [دیالکت]خوانسار، مەحەلات ، سەیوەند و کووهروود
ساڵی ٢٠١٤ مجتبی کولیوەند خەڵکی کرماشان ، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئۆسکار و هادانک [سەفەر نامە کوردی وفارسیەکان ] بە زمانی ئاڵمانی لە ئاڵمان بە چاپ دەسپێرێت.

خوێنەری ئازیزی زمانی سۆرانی: ئەم بەرهەمە کۆمەڵێک چیرۆک لە خۆ دەگرێت کە ئاکامی بەشێک لە تێکۆشانی پەیجۆرکاری ئاڵمانی ئۆسکارمان لە قەراخ لیکۆڵینەوەکانی تری بۆ ماوەی نزیک بە حەوت ساڵ لە کوردستانە. نووسەر(سدەیق بابایی) دوابە دوای گەڕان بە شوێن ئاسەواری بەجێ ماو ی ئۆسکارمان توێژەری ئاڵمانی لە ئارشیوەکانی ئەم وڵاتەدا، هەندێ بەرهەمی بڵاو نەکراوەی دەست نووسی شاعێرانی دەڤەری کەنووڵە لە ستانی کرماشان لە ناوەندی ئارشیوی برلین دەسکەوت. ئەو بەڵگە گەلە لە گەڵ کۆمەڵێک زانیاری مێژووی تر لە دوو توێ کتێبێک دا بە نێوی کەنووڵە لە لاینوەشانخانە و کتێب فرۆشی گۆتە حافزساڵی ٢٠١٩ شاری بۆن / ئاڵمان چاپ وبلاو کرایەوە.
ئەوەی ئێستا لە بەردەستان دایە بەشێکیتر لە دەسرەنجەکانە کە پاش ئۆسکارمان لە لایەن کورد ناسێکی تری هاوبیری ئەو بە نێوی کارل هادانک کاری لە سەر دەکرێت و لە گەڵ توێژینەوەیەکی بەربلاو سەبارەت بە شێوازەکانی ئاخاوتنی گۆران ــ هۆرامی (ناوچەی کرماشان) ورێزمانی پێوەندیدار لە دوو توێ کتێبێک دا[ ئاڤرۆمان ،کەنووڵە ، باجەلان] ساڵە کانی ١٩٣٠ بلاو دەکرێتەوە.

نووسەر تێکۆشاوە ؛
دەقی ئەسڵی هۆرامی و ئاڵمانی کتێبەکەی هادانک بە شێوازێکی ساکاری ئەو تۆ وەربگێڕدرێت لە گەڵ ئاڵمانی و هۆرامیەکەی لە نێوەرۆکدا وەک هەقی تێدا نەفەوتێت.
بە هۆمێدی ئەوە بۆ خوێنەران وتاسەمەندانی وێژەی کوردی وئاڵمانی شیاوی چێژ و کەڵک لێ وەرگرتن بێت.
بۆ زانیاری سەرەتایی خۆێنەران، پێویست بە ئاماژەییەکی کورت دەکا کە؛ ناوەرۆکی ئەم تۆمارگەلە لیپاولیپە لە بابەتی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی،مێژوویی ،سیاسی تا ئاستی داب و نەریت و گێڕانەوەی هەندێ بەسەرهاتی وردو پڕ لەڕەمزوڕازی ڕابردووی خەڵکانی نیشتەجێ زاگرۆس (دەڤەری کرماشان بە تایبەت) لە گەڵ دەورو بەرەکەیان. جۆری بیرکردنەوە تا ئاستی گێڕانەوەی وردی هەڵسوکەوت و بەسەرهاتەکان لە گەڵ گێڕانەوەی بێ شیلە وپیلە و دەرکەوتی بێخەوش و هەندێ جار ساویلکانەی تژی لە دڵ پاکی بۆ وتنەوەی بە بێ دەسکاری دەقی قەوماوەکان تا ئاستی هەڵسوکەوتی فارس وتورک زمانی جیرانی کورد.
ئەمە خۆی لە بەر کۆن ودێرینە بوونی بابەتەکان دەتوانی وەک سەرچاوەیەکی فێرکارانە ویارمەتیدەر بێت بە تایبەت بۆ توێژەران سەبارەت بە ڕابردووی دانیشتوانی زاگرۆس یان بە واتەیەکیتر ناسینی جۆرێک لە مێتۆلۆژی کورد لەو دەڤەرە.
مان : توێژەری ئاڵمانی بە جۆرێک حەزو ئاوەزی تەرخان بۆبە ناخداچوونی ژیان وبەسەرهاتی خەڵکی دەڤەرەکە ڕادەکێشرێت.
ئەو پێچەوانەی زۆری هاووڵاتیە کوردەکانمان بۆ تێ گەیشتن لە شێوازەجیاوازەکانی ئاخاوتنی کوردی! ماوەیەکی بەرچاو لەوێ دمێنێتەوەو خۆی فێری زمانە کەیان دەکات. بە دڵنیایی بۆمان هەیە پێداگر بین کە ئۆسکارمان نەک هەر ئەوکات بەڵکوو تا هەنووکەش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسایەتیە دەس ڕەنگینانە دایە کە بۆ ناساندنی دەوڵەمەنی ناوچەکە دەوری زێدە بەرچاوی هەبوە.
ئەو بە ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی وەها بۆلێ کۆڵینەوە لە خەزێنەی نەناسراوی خەڵکی وڵاتەکەمان دەلاقەیەکی ئەوتۆی خستوەتە سەر پشت کە کورد نەک هەر دەبوو بە شانازیەوە منەتباری بێت بگرە ڕێبازە کەی ئەو بکات بە سەر چەمەی پێداگری وشوێن کەوتن بۆ بەرۆژکردنی زێدە تری دەسرەنج و بەرهەمە پڕ نێوەرۆکەکانی ژیانی فێرکارانەی ڕابردووی باب وباپیرانمان. ئەوە کە

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!

ئەگەر کەڵکی لێ وەر گیرابا دەیتوانی ببێتە نێردیوانی هەڵکشانی کورد هەرنەبێ هاوشان لە گەڵ دەورو بەرە خۆ سەپێنەکانی ناوچەکە بە سەرماندا.
ئاخۆ لە پەنا بەڵگە تۆمار کراوە بە نرخەکانی ئەم زاتەدا چەندەها بە جێ ماوی دێرین کە هەر کامەیان دەیتوانی سەرچۆپی ئاسا لە ئاسمانی وێژە وزانایی دەوڵەمەندی کوردەواریدا سوورِی سەربەرزانەی پیشانی دونیای ئێمرِۆ بدات، لەسینگی خەڵک و کونە دیواری قورِینی ماڵە کاولکراوەکانی کورد دا بە بێ نازی بووبن بە خەیاڵێکی خەماوی نەوەی ئێمرِۆمان!؟
ناوەرۆکی بەشێک لە بەسەرهاتەکان وەک رِەوشتی دێرینی سەردەمی کۆن لە هێندستان و دەورانی ساسانیەکان بە زمانی باڵەندەو بوونەوەران دێتە بەرباس و خواستی فێرکارانە و تژی لە گێرِانەوەی تایبەتە کە بۆخۆی وەک لە شێوازی نووسینەکاندا دەر دەکەوێت دەمانگێرِێتەوە بۆ زۆر پێش لە ئێستا ، سەردەمێک کە بەدڵنیایی وەک لە نووسین و ئاماژەکاندا تیشکی خراوەتە سەر، ژیری بیری خەڵک، زۆر جار هاوکات تێکەڵ لە گەڵ ساکاری بە بێ پێچ وپەنای فێرکارانە بۆ هەر تاک وتەمەنێک هەرکام لە ئاستێکدا دەوری تایبەتی لە ژیانی رِۆژانەی کورددا گێرِاوە. سرنجدان و خوێندنەوەی ئەم کورتە چیرۆک وئەفسانەیلە هەم دەمانباتەوە بۆ دووری دووری ژیانی سەردەمانی کۆن و هەم یارمەتیدەردەبێت بۆ ناساندنی زێدەتری هزری کوردی سەدان ساڵ پێش لە مەڵبەندەکانی وڵاتی ئازیزمان کە هێشتار بۆ زۆری خەڵکەکەمان بە کەمی دەناسرێت.
شیاوی دەس نیشان کردنە کە دەقی ئەم بەسەرهات گەلە لە چوارچێوەی حکایەت و هۆرامی وتەنی „رِاز یا پاچاڵ“[حەکایەت] سەرەتا لە لایەن زماناس و لێکۆڵەر ئۆسکار مان رِاستەوخۆ لە سینگی خەڵک تۆمارو بۆ سەر زمانی ئاڵمانی وەرگێرِدراوە. وەرگێرِانی بۆسەر زمانی سۆرانی جیا لە مەبەستی تێگەیشتنی ئازیزانی سۆرانی زمان لە هەمان کاتدا کەڵک وەرگرتنی خوازیارانی فێربوونی زمانی ئاڵمانی و تامەزرۆیانی فامی زیاتری هۆرامی بە هەمان شێوەیە. حەولدراوە دەقە سۆرانیەکە زۆر ساکار و لە رِاستیدا لە گەڵ ئاڵمانی وهۆرامیەکە لە ناوەرۆکدا یک بگرێت تا خۆێنەر لە گەڵ دەقەغەیری سۆرانیەکە تووشی جیاوازی زۆری وەک هەڤی لە رِەستە بەندی وگێرِانەوەکەدا نەبێت.
پێویست بە پێداگریە کە نووسەری ئەم بابەتە(سدێق بابایی)ساڵی ٢٠١٩ی زاینی پاش دەست وێرِا گەیشتن بە چەند دەست نووسێک [لە ئارشیوی شاری برلین ــ ئاڵمان]بە جێ ماو لە شاعێرانی کەنووڵە کە ئۆسکارمان هێنا بوونی و کاریان لە سەر نەکرابوو لە گەڵ کارێکی زێدەترلە سەر مێژووی کنووڵە لە دوو توێ کتێبێک دا بە نێوی (کەنووڵە)لە گەڵ حەولی پاراستنی دەقی کەنووڵەیی نووسراوەکان لە ئاڵمان بە چاپ سپارد و بڵاو کرایەوە.
ئەمجار بە پێویست زانرا دەقی حەکایەتەکان بە جیاوازهەم بە ئاڵمانی و هەم سۆرانی لە قەراغ نووسراوەهۆرامیەکەدا بۆ چاپی سەر لە نوێ کاری لە سەر بکرێت.هەڵبەت بە لە بەر چاوگرتنی پاراستنی تاموو چێژی ئاخاوتنی کەنوولەیی حکایەت وگێرِانەوەکان بە چەشنێک لە دەقە سەرەتاییەکەیان هێندە دوور نەکەونەوە.

Diese Leseprobe ist durch ein Copyright geschützt!